# بەندی (٥) لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ

## هیچ مرۆڤێك ئەشكەنجە و سزا نادرێت و رەفتاری توند و تیژ و دڕندانەو ئابڕوو بەری لەگەڵدا ناكرێت

**منقذ آل فرعون ئەو داواکارە گشتیەی کە رۆڵێکی گرنگی لە دادگایی تاوانی ئەنفالدا بینی و لە سەردانێکیدا بۆ بارەگای لقی هەولێری یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان و هەفتەنامەی هزر... هزر بە هەلی زانی ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ساز بدات بۆ پرسیار و قسە لەسەر راستیە شاراوەکانی ناو ئەو دادگایە و زیندانەکەی تاوانباران و ژووری لەسێدارەدان و چەندین شتی ئەو دیو پەردەکان.**

**چاوپێکەوتن : سەردار کاوانی**



**هزر**: بەناوی ستافی هەفتەنامەی هزری یاسایی و گۆڤاری یاساناسی سوپاسی بەرێز داواکاری گشتی لە دادگای باڵای تاوانی عێراقی ((منقذ آل فرعون )) دەکەین کە ئەو هەلەی بۆ رەخساندین بۆ ئەوەی بتوانین لە نزیکەوە بەرێزتان بناسین و لە رێی هزریشەوە خوێنەران ئەو داواکارە لێهاتوە بناسن و راستیە شاراوەکان روون بکرێنەوە.

**منقذ آل فرعون**: یەکەم جار بە خێر هاتنی ئەو هەفتەنامە و گۆڤارە زانستیە دەکەین و ەیوا دارین لە هەموو عێراق رۆژنامەو گۆڤاری لە شێوەی هزر یاسایی و یاساناسی هەبن کە گرنگی بدەن بە یاسا بە تایبەتی ەوشیاری یاسایی چونکە نیمانە لێشمان ناگیرێ چونکە بەراستی لەلایەک ئابڵوقە و کەمی سەرچاوەی یاسایی و دەست نەکەوتنی کتێبی یاسایی ،بەتایبەتی لەسەر تاوانە نێودەوڵەتیەکان ،هەربهەۆی ئەو

**پارێزەرەکوردەکان رەنگدانەوەی رەوش و ئادابی گەلی کوردستان بوون**

ئابڵوقەیە نەسەتەلایت هەبوو نە ئینتەرنێت بۆیە هەتا ئەو برایانەی پسپۆرن لەیاسا ، لە تاوانە نێودەوڵەتیەکان دا کەم زانستن ،بۆیە ەیوای بەرەو پێشچوونتان بۆ دەخوازین و أنشالله سەرکەوتوو دەبن.

**هزر** : زۆر قسە لەسەر نایاسایی جێبەجێکردنی لەسێدارەدانەکەی صدام کرا چونکە بەراستی ئەوەی نیشاندرا رووی جوانی عێراق نەبوو ،بەڵام ئێوە لەوێ ئامادە بوون رەنگە راستیەکان لای ئێوە بن .؟

**منقذ آل فرعون**: بەیەک ووشە دەیڵێم کە تەنها هەراوەۆریایەکی میدیاکان بوو نەک پێشێلکاری یاسایی ، سەبارەت بە وتنی دروشم و سەڵەوات لێدان بوو لەسەر پێغەمبەر ، راستە یەکێک لەئامادەبووان هاواری کرد (مقتدی مقتدی ) و منیش دژی بووم ، ،یەکێک بەناوی سەرکردەکەی هاوار بکات پێشێلکاری یاسایە و تاوانە ؟ من پێم وانیە پێشێلکاری یاسا بێت هەرچەندە من لەو کاتەدا رازی نەبووم لەسەر ئەو هاوارکردنە و ئەو کەسەشم سەرزەنشت کرد ،سەبارەت بە سەڵاوات لێدانەکەش لەسەر (محمد (ص)شتێکی سروشتیە ،لەزۆر وڵاتان بریاری سزای لەسێدارەدان لە گۆڕەپانە گشتیەکان و بەئامادەبوونی خەڵک جێ بەجێ دەکرێت و خەڵکیش سەڵەوات و هەلهەلەش لێ دەدەن بەڵام ئەو هاوارەی کەزیاتر راگەیاندنی لەسەر وەستا ئەوەبوو یەکێک ئامادەبووان هاواری کرد بەرەو دۆزەخ(( الی جهنم ))من وەک داواکاری گشتی کە یەکێک بووم لەئامادەبووان بمزانیایە بەرەو بهەەشتی فیردەوس دەروات لەجێبەجێکردنی لەسێدارەدانەکە ئامادە نەدەبووم،ئێمەکۆمەڵێکی ئیسلامین و قورئان دەستوورمانەکە دەڵێ { فمن قتل نفسا بدون حق كأنما قتل الناس جميعا } جائەو کەسەی هەموو خەڵک بکوژێ بۆ کوێ دەچێ ؟ بۆ بهەەشت ؟! بێ گومان بۆ دۆزەخ بۆیە من پێم وانیە پێشێلکاری بێ .

**هزر** : سەبارەت بە هات و هاوارەکە رەنگە شتێکی هەرەمەکی بێت ، بەڵام خنکاندن و بەردانەوەی صدام لەو بەرزایی یەو بۆ ناو ئەو چاڵە ئێوە وەڵامتان چیە؟ ئایەئەوەی من بیستم وایە کە هەڵەیەکی تەکنیکی بوو؟

**آل فرعون** : لەراستیدا سەکۆی لەسێدارەدانەکە زۆربەرزەو لەخوارەوەشی چاڵێک هەیە جگە لەوانەش، بەڵێ هەڵەیەکی تەکنیکی هەبوو چونکە جێبەجێ کارانی لەسێدارەدانەکە ەیچ شارەزاییەکیان لەسەر چۆنیەتی لەسێدارەدان نەبوو بەڵکو ئەوە یەکەمجاریان بوو ، من چەند راپۆرتێکی پزیشکیم بیست کە دەبێ درێژی گوریسەکە بە پێچەوانە لەگەڵ قورسایی کێشی کەسەکەدا بگونجێ. ئەمەش لەکاتی لەسێدارەدانی ((طە یاسین رمضان )) راست کرایەوە بەوەی قورساییکەیان کێشاو بەپێی کێشەکەی گوریسی بۆ ئامادە کرا .ئەوەی منیش بینیم لیستێک لەسەر تەرازووەکەدرابوو کە تیایدا درێژی گوریسەکە بەرامبەر بە کێشی کەسەکە دیاری کرابوو ،لێی نوسرابوو ئەگەر کێشی کەسەکە ٨٠ کگ بێت ئەوا درێژی گوریسەکە ئەوەندە دەبێت ، یا ئەگەر ١٠٠ کگ بوو ئەوا درێژی گوریسەکە ئەوەندە دەبێت، بۆیە بە تەرازوو کێشایان و درێژی گوریسەکەیان بەپێی پێودانگەپزیشکیەکان بۆی دیاری کرا . جیاوازیەکی زۆر گەورە هەبوو لەنێوان درێژی گوریسەکەی صدام و گوریسەکەی (طە یاسین رمضان) .رەنگە تێبینی ئەوەشتان کردبێ کە برینێکی گەورە کەوتە ملی صدام لە ئەنجامی درێژی گوریسەکەی ، چونکە ئەگەر گوریسەکە زۆر درێژ بوو قورسایی کێشی کەسەکەی زوو نەگرتەوە ئەوا جەستەی بریندار دەکات وەک ئەوەی لەسێدارەدانەکەی صدام و بارزان روویدا.

**هزر**: کێشەی ئەنفال زۆر لە کێشەی ((دوجیل)) گەورەتر و بەرفراوانتر بوو،کەچی لەچاو کێشەی ((دجیل)) زۆر زوو کۆتایی پێ هات ،دەکرێت بزانین بۆ؟

**آل فرعون**: کێشەی ئەنفال بەرفراوانتر بوو ، بۆ ؟ چونکە کێشەی دجیل پێک هاتبوو لە یەک تاوان ئەویش تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بوو ،بەڵام لە کێشەی ئەنفالدا سێ تاوانی نێو دەوڵەتی هەبوو ، تاوانی کۆمەڵکوژی ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەگەڵ تاوانەکانی جەنگ. بێ گومان هەر تاوانێکیش رکن و پێداویستیەکانی لەگەڵ ئەوی دیکەدا جیایە ،لەراستیدا تێکەڵاو کردنێکی گەورە هەیە هەتاوەکو لەلایەن یاساناسان کە پێیان وایە کۆمەڵکوژی بریتیە لە زۆریی ژمارەی کوژراوان و جۆری چەکی بەکارەێنراو ، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە،جاکۆمەڵکوژی لەوانەیە بەکوشتنی کەسێک بێتە دی ،تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیش بە کوشتنی ملیۆنهەا کەس پێشی ناوترێ کۆمەڵکوژی،هەتا ئەگەر بۆمبی هایدرۆجینی بەکار بێت هەرتاوانی دژ بەمرۆڤایەتیە کەواتە جیاوازی نێوان کۆمەڵکوژی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی چیە؟ تاوانی کۆمەڵکوژی دەبێ ویستی تایبەتی(القصد الخاص) تێدابێتەدی سەرباری بوونی ویستی گشتی ، ویستی گشتی (کەکەسێک بکوژێت ئەوا ویستی گشتیە) بەڵام ویستی تایبەت دەبێت هەبێت تا کۆمەڵکوژی بێتە دی ، جاکوشتنی کۆمەڵێک لەخەڵک هەرلەبەر

**هۆڵێکی پزیشکی کە بۆ چاودێری و چارەسەرکردنی تەندروستی ئامادەکرا بووبەشێوەیەك کە من تەنها لە فلیمەکانی خەیاڵی زانستی شتی وام بینیوە**

ئەوەی سەربەنەتەوەیەک یارەگەزێک یا ئاینێک بن، بۆ نمونە : دەیانکوژم چونکە کوردن ،تورکمانن ، مەسیحین و دوژمنی منن لێرەدا کۆمەڵکوژی دێتە دی لەوەی دووەمدا بهەەمان شێوە کەسێک دەکوژم چونکە کۆتایی بە بیرو رای ئاینێک دێت.بۆ وەڵامی پرسیارەکەشت لەمەڕ بریاری دادگا بەرای من وەک داواکاری گشتی دووبارەی دەکەمەوە کەتاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆساید و روکنەکانی لەکێشەی ئەنفالدا هاتۆتە دی کەمن لە لائحەکەی خۆمدا بە دورو درێژی دیارم کردووە بەڵام بریاری کۆتایی بۆ دادگایە کاتێک کێشەکە و لائحەی داواکاری گشتی دەخوێنێتەوە ئەو کاتە بریار دەدات کە ئایە کۆمەڵکوژی و جینۆساید روکنەکانی هاتۆتەدی یاخود نا.

**هزر/** واپێدەچێ دادگاییەکە کۆتایی هاتبێ و تەنها بریاری کۆتایی دادگا ماوە دەرهەق بەتاوانباران.

**آل فرعون** : وا پێدەچێ کە کۆتایی هاتووە جگە لە گوێگرتن لە پارێزنامەی دەستەی داکۆکیکار ، دادگایی دوا بخرێت بۆ خوێندنەوەی پەراوەکانی کێشەکەو دەرکردنی بریاری کۆتایی.

**هزر** : کاتێ صدام لە سێدارە درا شەقامی کوردی ووتی ، کێشەی ئەنفال لە سێدارە درا . ئێوە راتان چیە؟

**آل فرعون**: بەرای من ئەو بۆچوونە هەڵەیە، چونکە تاوانەکەو دادگاییەکە بۆ تاکە کەسێک نیە بەڵکو بۆ رژێمێکی پێشووە جا دادگایی کردنەکە بەئامادەبوونی صدام بێت یا بێ ئەو ، دادگا توانیویەتی بەڵگەکان و شاەیدەکان و درندایەتی تاوانەکە و قوربانیەکانی ئەنفال لە کوردستان بۆ هەموو جیهان نیشان بدات. مەبەستیش لە دادگایی کردنەکە ، تاوانەکان ئاشکرا کران ، خاوەن ماف بەدەرکەوت و هەموو دادگایەکیش دەیەوێت ماف سەربخات و سزا وەک خودی سزا ماف نیە ، بەڵکو ئاشکرا کردن و وەدیار کردنی تاوانەکە جۆرێکە لەماف و رەوا، دادگاش ئەوەی کرد .

**هزر** : قوربانیانی تاوانی ئەنفال رۆیشتن و مافەکانیان بۆ کەس و کاریانە،گومانیش لەوەدا نیە بەپێی یاسا خاوەن ماف بۆی هەیە لە دادگای شارستانی داوای مافەکەی بکات ، کەلێرەدا مافەکە رەنگە هەر قەرەبوو بێ ،بەڵام کێشەی بە سەدان هەزار خاوەن ماف چۆن بە رێگای دادگا چارەسەر دەکرێ؟.

**آل فرعون**: هەتا میراتگرانیش قوربانین ، ئەوانەی زیندوشن لە کەس و کاری قوربانیان قوربانین ، بەڵام بە رای من بۆ چارەسەر کردن و دەستەبەر کردنی مافی میرات گران دەبێت یاسایەک دەربچێت و تایبەت بێت وچەند لیژنەیەک کە پشتیان پێ ببەسترێت پێکبەێنرێت بۆ ئەوەی بە زووترین کات زەرەرو زیانەکان بخەملێنرێن و مافی قوربانیەکان بدرێتەوە و مەرج و رێ و شوێنی توند و تۆکمەی بۆ دابنرێت ئەمەش بۆ ئەوەی نەبێتە ەۆی دەوڵەمەند بوونی بێ ەۆ (اثراء بدون سبب).

**هزر**: وەک داواکاری گشتی راتان چی بوو بەرامبەر دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار لە قوربانیانی ئەنفال؟

**آل فرعون**: پارێزەرەکوردەکان رەنگدانەوەی رەوش و ئادابی گەلی کوردستان بوون ، کە لە گوفتار و هەڵس و کەوتیان رەنگی دابۆوەهەتا ئەو کاتانەی گوێ بیستی قسەی ناشیرینیش دەبوون وەڵامیان نەدەدایەوە، بەڵکو رێگایان بۆ دادگا خۆش دەکرد کە وەڵام بداتەوە. بۆیە دادگاش زۆر لێیان رازی بوو هەروەها رەخنەگرانیش لەدادگا بۆ نموونە ((پارێزەر طارق حرب)) ستایشی کردن . منیش بەراستی بەرگری پارێزەر ژیان گەردیم زۆر بەدڵ بوو کاتێک پارێزنامەیەکیی خوێندەوە زۆرسەرنجی راکێشام کە بەراستی خۆم پێ نەگیرا و گریام و کاتێکیش داوای لادانی دادوەرم کرد هەردوای داواکاریەکەی من ئەویش داواکاریەکەی دوپات کردەوە.

**هزر** :راتان بەرامبەر پارێزنامەکەی پارێزەرانی کورد چی بوو؟

**آل فرعون** : پارێزنامەیەکی مێژوویی زۆر زۆر جوان بوووەک وەسفکردنی تاوانەکە، بەڵام ەیوام دەخواست کە پارێزنامەکە گشت پێداویستیەکانی سەلماندنی روکنەکانی تاوانی بەخۆوە بگرتبایە وەک روکنەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی ،چونکە تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگیشی لە خۆ گرتبوولەبەر ئەوەی ئەوان بەلای روکنی ویستی تایبەتدا نەچوبوون چونکە سەلماندنی تاوانی کۆمەڵکوژی پێویستی بە سەلماندنی روکنی ویستی تایبەت ( القصد الخاص) هەیە.

**هزر** : ئێوە وەک داواکاری گشتی سەردانی صدام و دارو دەستەکەیتان لە زیندانەکەیاندا کرد ،تێبینی چیتان کرد لەمەر جێگاو مامەڵەکردن لەگەڵیاندا؟

**آل فرعون**: شوێنی زیندانی کردنیان باڵەخانەیەکی نوێ بوو بۆ ئەو مەبەستە دروست کرابوو، لەدەرگاوە رێرەوێک بوو کە بە ەۆڵێکی ١٠ م بە ١٠ م کۆتایی دەهات وەک هەر زیندانێک دەرگایەکی ئاسنی هەبوو ، لە ەۆڵەکەشدا ژوورێکی بچوک هەبوو ەۆڵەکەش بریتی بوو لە ەۆڵێکی پزیشکی کە بۆ چاودێری و چارەسەرکردنی تەندروستی ئامادەکرابووبەشێوەیەک کە من تەنها لە فلیمەکانی خەیاڵی زانستی شتی وام بینیوە کەئامادە کرابوو بە نوێترین و پێشکەوتوترین ئامێری پزیشکی کە هەمووی شاشەدار بوو جگە لە ئامێری ساردی و گەرمی و دەرمانخانەو فەرمانبەرێکی پزیشکی ئەمریکی ،لەدواوەش ەۆڵێکی کراوە هەبوو کە سەرەکەی تەنها بە BRC گیرابوو بۆ هاتنە ژوورەوەی تیشکی خۆر زەویەکەشی بە ووردە بەرد راخرابوو لە گەڵ بوونی چەندین گوڵدان کە گوڵ و نەمامی تیادا چاندرابوو ، لە ژوورە تایبەتیەکەیدا چەندین کتێبی مێژوو و دیوانی شیعری لێ بوو لەگەڵ قاپێکی جوانی پر لە میوەی جۆراوجۆر لەگەڵ هەموو چۆرە چەرەزێک ، لەگەڵ چەندین قووتووی جگەرەی چرووتی (کوبی - هاڤانا). گەرماوێکی نایاب ، لەپرسیاری ئەوەی کە جلەکانی خۆی دەیشوات، وتی رۆژانە جلەکانم دەشورێ و ئوتو دەکرێ تەنها جلی ناوەوە نەبێ کە خۆم رازی نیم و خۆم پاکیان دەکەمەوە .بۆ وەڵامی پرسیاری خۆراک ، لیستێکی خواردن هەبوو صدامیش دوپاتی کردەوە بەڵام وتی خواردنەکان بیانین و زۆرە، بەڵام تامیان وەک خواردنی عێراقی خۆش نیە،

**هزر**: ئەی سەبارەت بە سەردانی خێزانی و پەیوەندی لەگەڵ کەس و کاری ؟

**آل فرعون** : لێمان پرسی ووتی خۆم رازی نیم کەس سەردانم بکات چونکە دەگرین و من نامەوێ ، بۆ پەیوەندی تەلەفۆنیش بەهەمان ەۆ رەتی کردبۆوە چوونکە تەلەفۆن بۆ گیراوەکان بە پێی خشتەیەکی کاتی دیاری کراو هەبوو.

**هزر** : ەۆی سەردانەکەتان چی بوو؟

**آل فرعون** : چونکە باسی ئەوە کرا بوو گوایە ئەشکەنجەدراوە بۆیە من بە هاورێیەتی سەرۆکی داواکاری گشتی کە ئەو کاتە بەرێز ( جعفر الموسوی) بوو بۆ دڵنیا بوون لەو قسەیە و پێشمان گووت ئەگەر دەتەوێ بچیت بۆ لیژنەی پزیشکی بەڵام رەتی کردەوە و ووتی مامەڵەیان لەگەڵمدا بە رێزگرتن و تێگەیشتنە.

**هزر** : سەبارەت بە نامە ناردن بۆی هەبوو؟ ....... ل٦

**آل فرعون** : بەڵێ ووتی گشت نامەکانیشم گەێشتوون تەنها دواین نامە نەبێ . لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی دوا نامەکەی چی بوو وتی نامەیەکی دڵداری بوو بۆ خێزانەکەم.

